پەناگەی دڵ

(گەشتێک بەناو ٩٩ ناوی پیرۆزی خودا و نهێنییەکانی دوعا)

ئامادەکردنی
ئازیز طالیب

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

پەناگەی دڵ

سەرەتا

"لە نێوان تەمومژی دوێنێ و نادیاریی سبەینێدا، مرۆڤ تەنها ڕێبوارێکی ماندووە کە بەدوای نیشتمانێکدا دەگەڕێت بۆ ڕۆحی. 'پەناگەی دڵ' ئەو نیشتمانە بێدەنگەیە کە لێی ناپرسرێت کێیت و لەکوێوە هاتوویت؛ لێرەدا وشەکان تەنها پیت نین، بەڵکو پەنجەرەیەک بۆ ئەو ڕووناکییەی کە هەرگیز نامرێت. ئەم نووسینانە گەشتێکە لە ژاوەژاوی تێپەڕی دونیاوە بەرەو ئەو قووڵاییە پیرۆزەی کە تەنها لە نێوان لێدانی دڵ و ڕەحمەتی ئاسماندا شکۆ دەگرێت."

بۆچی ئەم کۆچە؟

"ئەم نوسینانە هەناسەدانێکی قووڵن لە ساتێکی خنکێنەردا، و سوجدەیەکن کە لە جیاتی ناوچەوان، بە قەڵەم براون بۆ زەوی. 'پەناگەی دڵ' گەڕانەوەی ئەو دڵە تامەزرۆیەیە کە تێگەیشتووە هیچ باوەشێک نییە تێیدا بگریت و ئارام بیتەوە، جگە لە باوەشی میهرەبانیی (الله)."

...بۆ تۆی خوێنەر

ئەمەی لەبەردەستتە تەنها کتێب نییە؛ بەڵکو بانگەوازی دڵتەنگییەکانی»
منە کە گۆڕدراون بۆ ئومێد.». لە جیهانێکدا کە هەمووان دەیانەوێت بتبەنە
ناو جەنگەکانی خۆیانەوە، من دەمەوێت بتبەمەوە بۆ ناو ماڵەکەی خۆت،
.بۆ ناو ئەو ئاشتییە ناوەکییەی کە ساڵانێکە لە دەستت داوە

:هیوای من ئەوەیە، کاتێک ئەم لاپەڕانە هەڵدەدەیتەوە

هەست بەو بێدەنگییە پیرۆزە بکەیت کە تەنها لە 'دوان لەگەڵ خودا'دا
.هەیە

بزانیت کە هەموو هەرەسێکی ژیان، ئامادەکارییەکی شاراوەیە بۆ بنیادنانی
کۆشکێکی شکۆدارتر لە ناختدا، بەو مەرجەی تەلارسازی دڵت تەنها
.ئەندازیاری ئاسمان بێت

ئەم وشانە ببنە ئەو مۆمەی، کە تەنانەت لە ڕەشترین شەوەکانیشدا، ڕێگەی
.'گەڕانەوە'ت بۆ نیشان بدات

دەروازەی یەکەم: ڕۆحی سەرەتا

١. خاڵی دەستپێک: نیەت وەک ڕەگ

هەموو درەختێکی گەورە، لە تاریکیی ژێر زەوییەوە و بە ڕەگێکی بێدەنگ
دەستی پێکردووە. ڕۆحی ئەم کتێبەش ئەو "نیەتە"یە کە لە قووڵایی
:دڵمدایە. کاتێک یەکەم پیتم نووسی، تەنها یەک نزام هەبوو

با ئەم وشانە ببنە پەناگەیەک بۆ دڵێک کە لە کۆسپ و تەگەرەکانی ڕێگای ژیاندا ماندوو بووە.".

٢. کیمیای نیەت: گۆڕینی خۆڵ بۆ زێڕ

پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموویت: «إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ». نیەت تەنها قسەی سەر زمان نییە، بەڵکو ئەو وزە شاراوەیە کە کارێکی سادە دەکاتە عیبادەتێکی گەورە. کاتێک نیەتت دەبێتە "خودا"، ئیتر هیچ شکستانێک بوونی نامێنێت، چونکە تۆ بۆ کەسێک کار دەکەیت کە هەرگیز پشتت تێ ناکات.

پەندێک بۆ ژیان:

هەموو بەیانییەک نیەتت نوێ بکەرەوە؛ نەک تەنها بۆ ئەوەی بژیت، بەڵکو بۆ ئەوەی 'بە مانا' بژیت.

ئەگەر دەتەوێت ئاسمانی ژیانت ڕووناک بێت، نیەتت بکە بەو خۆرەی کە تەنها بۆ ڕەزامەندیی ئەو زاتە هەڵدێت.

تەوحید؛ کلیلە زێڕینەکەی گیرابوونی دوعا

هەبوونی تەوحید لە دڵدا تەنها وتنی وشەیەک نییە، بەڵکو ئەوەیە کە دڵت بە تەواوی لە هۆکارە زەمینییەکان داببڕێت و تەنها بە پەروەردگاری ئاسمانەکانی ببەستێتەوە. کاتێک بە یەقینەوە دەزانیت کە "هیچ سوود و زیانێک نییە جگە لەوەی خودا دەینوسێت"، ئەو کاتە دوعاکەت دەبێتە تیرێک کە هەرگیز ئامانجەکەی هەڵە ناکات.

(١. مەرجی یەکەمی وەڵامدانەوە (پاکی نێت

خودای گەورە دەفەرمویت: «فَادْعُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ» (تەنها هاوار بۆ خودا بەرن و دین و پەرستنشتان تەنها بۆ ئەو بێت).

ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت کە دەرگای ئاسمان تەنها بۆ ئەو دڵانە دەکرێتەوە کە تەنها "ئەو" دەبینن. هەر ئەوەندەی هاوبەش بۆ خودا بڕیار بدەیت یان وابەستەی هێزی مرۆڤەکان بیت، دوعاکەت لە زەوی گیر دەخوات.

٢. بەسەرهاتی ئیبراهیم پێغەمبەر لەناو ئاگردا

کاتێک پێغەمبەرئیبراهیم فڕێدرایە ناو ئاگر، فریشتەیەک هات و وتی: "چیت پێویستە؟" ئیبراهیم(ع.س) وتی: "بە تۆ هیچ، بەڵام بە خودا بەڵێ". ئەمە لوتکەی تەوحیدە. کاتێک دڵەکەی تەنها لای خودا بوو، خوداش فەرمانی بە ئاگرەکە کرد: «يَا نَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَامًا عَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ» (ئەی ئاگر، ببە بە سارد و سەلامەتی بۆ سەر ئیبراهیم).

وانە: ئەگەر تەوحیدت تەواو بێت، ئاگر دەبێتە گوڵستان.

(٣. نهێنیی دوعای "ذو النون" (یونس

پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموویێت: "دوعای یونس لەناو سکی نەهەنگدا، هیچ موسڵمانێک نییە پێی دوعا بکات ئیللا خودا وەڵامی دەداتەوە".

سەرەتای دوعاکە بە تەوحید دەست پێ دەکات: «لَّا إِلَٰهَ إِلَّا أَنتَ» (هیچ پەرستراوێک نییە جگە لە تۆ). ئەم دانپێدانانە بە تەنهایی خودا، هەموو بەربەستەکانی نێوان بەندە و پەروەردگار لادەبات.

ڕەگەکانی یەقین: سێ پایەی ئارامیی دڵ

بۆ ئەوەی دڵت ببێتە پەناگەیەکی جێگیر و دوعاکانت ڕێگەی ئاسمان ببڕن، دەبێت ئەم سێ ڕەگەی یەقینە لە ناختدا بچێنیت:

"١. یەقین بەوەی کە تەنها ئەو "بڕیاردەرە

(تەوحیدی ڕووبییە)

ئەمە بڕوابوونێکی بێ گومانە بەوەی کە تەنها "خودا" تاکە خاوەن، دروستکەر و بەڕێوەبەری ئەم گەردوونەیە.

لەپەناگەی دڵدا: کاتێک دەزانیت تەنها ئەو "ڕۆزیدەر و بڕیاردەرە"، ترس لەلە مرۆڤ و ترس لە داهاتوو لە ناختدا دەمرێت.

"٢. یەقین بەوەی کە تەنها ئەو "شایەنی هاوارە

(تەوحیدی ئولووهییە)

ئەمە جەوهەری بەندایەتییە؛ واتە هەموو نزا، سوجدە و پاڕانەوەیەکت تەنها بۆ "ئەو" بێت.

لە پەناگەی دڵدا: ئەم بڕوایە دڵت لە کۆیلایەتی مرۆڤەکان ئازاد دەکات. ئیتر پێویستت بەوە نییە لە بەر دەرگای کەس بپاڕێیتەوە، چونکە دەرگای پاشای پاشاکان هەمیشە کراوەیە.

"٣. یەقین بەوەی کە تەنها ئەو "بیسەر و وەڵامدەرە

(تەوحیدی ناو و سیفات)

ئەو هەموو شتێک دەبینێت و تەنانەت لێدانی دڵی مێرووویەکی بچووکیش لە تاریکترین شەودا دەبیستێت.

لە پەناگەی دڵدا: کاتێک دەزانیت یەکێک لە ناوەکانی خودا "وەڵامدەرەوە" یان "میهرەبانە"، ئیتر قەت هەست بە تەنیایی ناکەیت. تەنانەت ئەگەر زمانت توانای دەربڕینی ئازارەکانتی نەبێت، ئەو لە ناخت تێدەگات.

قەڵای سپاردن (تەوەکەل): ئارامی لە ناو زریاندا

کاتێک ڕەگەکانی یەقین لە دڵتدا جێگیر بوون، ئیتر کاتی ئەوەیە هەموو کارەکانت بدەیتە دەست ئەو زاتەی کە هیچ کارێکی لێ تێک ناچێت. سپاردن (تەوەکەل) ئەوە نییە کە دەست بەکار نەبیت، بەڵکو ئەوەیە کە دەستەکانت بجوڵێنیت و دڵت لای پەروەردگاری ئاسمان بێت.

(هۆکار: (ئەو کارانەی ئێمە دەیکەین :

(هێز: (ئەو دەسەڵاتەی لای خودایە▪

ئێمە وەک مرۆڤ هۆکارەکان ئەنجام دەدەین (دەخوێنین، کار دەکەین، چارەسەر وەردەگرین)، بەڵام تەنها پشت بە "خودا" دەبەستین بۆ ئەنجامەکە. ئەگەر پشتت بە هۆکارەکان بەست، ئەوا دڵت هەمیشە لە دڵەڕاوکێدا دەبێت، چونکە هۆکارەکان دەگۆڕێن و لەناو دەچن.

٢. نهێنیی دڵنیایی

کاتێک کارەکانت دەسپێریت بە خودا، دڵت دەبێتە قەڵایەک کە هیچ خەمێک ناتوانێت بیڕوخێنێت. ئەگەر شتێک بوو، دەڵێیت: "سوپاس بۆ خودا، خێری تێدایە"، ئەگەر نەبوو، دەڵێیت: "سوپاس بۆ خودا، زیانێکی لێ دوور خستوومەتەوە". ئەمەیە مانا ڕاستەقینەکەی ئارامی.

٣. ئاوڕێک لەسەر سپاردن (تەوەکەل

کاتێک دایکی موساپێغەمبەر کۆرپەکەی خستە ناو دەریا، بە پێوەرە زەمینییەکان ئەوە لەدەستدان بوو، بەڵام بە پێوەری سپاردن، ئەوە پاراستن بوو. خودا فەرمووی: «فَإِذَا خِفْتِ عَلَيْهِ فَأَلْقِيهِ فِي الْيَمِّ»

(کاتێک ترساویت، بیخەرە ناو دەریاکە).

وانە: کاتێک شتەکان دەسپێریت بە خودا، دەریا دەبێتە بێشکەی پاراستن و دوژمن دەبێتە خزمەتکار.

دوعایەک بۆ سپاردنی کارەکان:

«حَسْبِيَ اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ»

(خودا بۆ من بەسە، هیچ پەرستراوێک نییە جگە لەو، تەنها پشت بە ئەو دەبەستم و ئەو پەروەردگاری عەرشی مەزنە).

۩ ——— (دوعاکانی قورئانی پیرۆز) ——— ۩

سورەتی البقرة

(١. دوعای پێغەمبەرئیبراهیم بۆ ئاوەدانی و ڕزق (ئایەتی ١٢٦:

دەق: «رَبِّ اجْعَلْ هَٰذَا بَلَدًا آمِنًا وَارْزُقْ أَهْلَهُ مِنَ الثَّمَرَاتِ»

واتا: «پەروەردگارا، ئەم شوێنە بکە بە شارێکی پڕ لە ئارامی، و خەڵکەکەی لە بەرهەم و میوەکان ڕۆزی بدە.»

٢. دوعا بۆ قبوڵبوونی کردەوە چاکەکان (ئایەتی ١٢٧):

دەق: «رَبَّنا تَقَبَّل مِنّا ۖ إِنَّكَ أَنتَ السَّميعُ العَليمُ»

واتا: «پەروەردگارمان، لێمان وەربگرە، بەڕاستی تۆ بیسەر و زانایت.»

٣. دوعا بۆ ملکەچی و تۆبە (ئایەتی ١٢٨):

دەق: «رَبَّنَا وَاجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ وَمِن ذُرِّيَّتِنَا أُمَّةً مُّسْلِمَةً لَّكَ وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا وَتُبْ عَلَيْنَا ۖ إِنَّكَ أَنتَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ»

واتا: «پەروەردگارا، هەردووکمان وا لێ بکە تەنها فەرمانبەردارو ملکەچی تۆبین و لە نەوەکانیشمان ئوممەتێکی موسوڵمان و فەرمانبەردار بۆ خۆت فەراهەم بهێنە و چۆنیەتی ڕێبازی بەندایەتیمان فێربکە و نیشانمان بدەو تەوبە و پەشیمانیمان لێ وەربگرە، بێگومان تۆ خوایەکی زۆر تەوبە وەرگرو میهرەبان و دلۆڤانیت

٤. گشتگیرترین دوعا بۆ خێری دونیا و دوارۆژ (ئایەتی ٢٠١):

دەق: «رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ»

واتا: «پەروەردگارمان، لە دونیادا چاکەمان پێ ببەخشە و لە قیامەتیشدا چاکە، و لە سزای ئاگری دۆزەخ بمانپارێزە.»

٥. دوعای سەرکەوتن بەسەر ناخۆشیدا (ئایەتی ٢٥٠):

دەق: «رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ»

واتا: «پەروەردگارمان، ئارامگریمان بەسەردا ببارێنە و هەنگاوەکانمان جێگیر بکە و سەرکەوتنمان پێ ببەخشە.»

٦. دوعاکانی کۆتا ئایەتی سورەتەکە (ئایەتی ٢٨٦):

دەق: «رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا»

واتا: «پەروەردگارمان، لێمان مەگرە ئەگەر فەرامۆشمان کرد یان هەڵەمان کرد.»

(سوڕەتی البقرة (ئایەتی ٢٨٦

:پاڕانەوە بۆ لادانی بارگرانی

«رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِنَا»

پەروەردگارمان، باری قورس و تاقیکردنەوەی سەخت مەخە سەر)
.(شانمان، وەک ئەوەی خستتە سەر شانی پێشینانی ئێمە

:پاڕانەوە بۆ تاقیکردنەوەی گونجاو

«رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِ»

پەروەردگارمان، ئەوەی کە تاقەتمان پێی نییە و لە تواناماندا نییە،»
.«مەمانخەرە سەر و باری قورسمان پێ هەڵمەگرە

:داوای بەزەیی و سەرکەوتن

«وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا ۚ أَنتَ مَوْلَانَا فَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ»

خودایە! لێمان ببوورە ولە گوناهەکانمان بخۆشبە و ڕەحممان پێ بکە، تۆ)
سەرپەرشتیار و پشتیوانی ئێمەیت؛ کەواتە سەرکەوتنمان پێ ببەخشە
.(بەسەر گەلی بێ باوەڕان دا

سورەتی آل عمران

:(١. دوعا بۆ جێگیریی دڵ و داوای ڕەحمەت (ئایەتی ٨

دەق: «رَبَّنَا لَا تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا وَهَبْ لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً ۚ إِنَّكَ أَنتَ الْوَهَّابُ»

واتا: «پەروەردگارمان! دڵەکانمان لامەدە و تووشی لێغزانیان مەکە دوای ئەوەی ڕێنماییت کردووین، و لە لایەن خۆتەوە ڕەحمەت و بەزەییەکی تایبەتمان پێ ببەخشە، بەڕاستی تۆ زۆر بەخشندە و میهرەبانیت.»

:(٢. دانپیانان بە ئیمان و داوای پاراستن (ئایەتی ١٦

دەق: «رَبَّنَا إِنَّنَا آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ»

واتا: «پەروەردگارمان! بەڕاستی ئێمە ئیمانمان هێناوە، کەواتە لە گوناهەکانمان خۆش ببە و لە سزای ئاگری دۆزەخ بمانپارێزە.»

:(٣. دوعا بۆ ملکەچی و گەواهیدان (ئایەتی ٥٣

دەق: «رَبَّنَا آمَنَّا بِمَا أَنزَلْتَ وَاتَّبَعْنَا الرَّسُولَ فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ»

واتا: «پەروەردگارمان! بەو پەیامەی ناردووتە باوەڕمان هێنا و شوێنکەوتەی ڕێگەی پێغەمبەرین، تۆش ناومان لە ڕیزی ئەو گەواهیدەرانەدا تۆمار بکە کە لەسەر حەق جێگیرن.».«

:(٤. دوعا بۆ لێخۆشبوون لە کاتی هەڵە و زیادەڕۆیی (ئایەتی ١٤٧

دەق: «رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَإِسْرَافَنَا فِي أَمْرِنَا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ»

واتا: «پەروەردگارمان! لە گوناهەکانمان و لەو زیادەڕۆییانەی کە لە کارەکانماندا کردوومانە خۆش ببە، هەنگاوەکانمان جێگیر بکە و سەرکەوتنمان پێ ببەخشە.»

:(٥. دوعای خاوەن بیرەکان لە کاتی تێڕامان لە گەردوون (ئایەتی ١٩١

دەق: «رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ»

واتا: «پەروەردگارمان! تۆ ئەم گەردوونەت بە بێهودە دروست نەکردووە، پاکی و بێگەردی بۆ تۆیە، بمانپارێزە لە سزای ئاگرا.»

:(٦. دوعا بۆ مردن لەگەڵ پیاوچاکان (ئایەتی ١٩٣

دەق: «رَبَّنَا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرْ عَنَّا سَيِّئَاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ الْأَبْرَارِ»

واتا«پەروەردگارمان! لە گوناهەکانمان خۆشبە و پەڵەی هەڵەکانمان لەسەر دڵمان بسڕەوە، لە کاتی کۆچکردنیشدا؛ لەگەڵ پاکان و چاکەکارانی ڕێگەی خۆتدا بمانحەوێنەوە.»:

(سوڕەتی آل عمران (ئایەتی ١٩٤

:پاڕانەوە بۆ بەدیهێنانی بەڵێنەکان

رَبَّنَا وَآتِنَا مَا وَعَدتَّنَا عَلَىٰ رُسُلِكَ وَلَا تُخْزِنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ ۗ إِنَّكَ لَا تُخْلِفُ»
«الْمِيعَادَ

پەروەردگارمان! ئەوەمان پێ ببەخشە کە بە زمانی پێغەمبەرەکانت بەڵێنت)
پێ داوین، و لە ڕۆژی قیامەتدا سەرشۆڕ و ڕیسوامان مەکە، بەڕاستی تۆ
.(هەرگیز خەلاف لە بەڵێنەکەت ناکەیت

سوڕەتی النساء

١. دوعا بۆ ڕزگاربوون لە ژینگەی ناخۆش و داوای پشتیوان

:(ئایەتی ٧٥)

ئەم دوعایە کاتێک زۆر بەهێزە کە مرۆڤ هەست دەکات لە ژینگەیەکدایە
:ستەمی لێ دەکرێت و پێویستی بە گۆڕانکارییە

دەق: «رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْ هَٰذِهِ الْقَرْيَةِ الظَّالِمِ أَهْلُهَا وَاجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا
«وَاجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ نَصِيرًا

واتا: «پەروەردگارمان! لەم شوێنە (کە بارودۆخەکەی خنکێنەرە)
دەرمانبهێنە کە خەڵکەکەی ستەمکارن، و لە لایەن خۆتەوە سەرپەرشتیار
و پشتیوانێکمان بۆ دابین بکە

.»

سورەتی المائدة

:(١. دوعا بۆ جێگیربوون لەسەر حەق (ئایەتی ٨٣

«دەق: «رَبَّنَا آمَنَّا فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ

واتا:پەروەردگارا ئێمە ئیمان و باوەڕمان هێناوە (بە ئاینی ئیسلام) دە تۆش
«..لە ڕیزی (پەیڕەوان) و شایەتەکاندا تۆمارمان بکە

:(٢. دوعای پێغەمبەرعیسا بۆ داوای ڕۆزی (ئایەتی ١١٤

دەق: «اللَّهُمَّ رَبَّنَا أَنزِلْ عَلَيْنَا مَائِدَةً مِّنَ السَّمَاءِ تَكُونُ لَنَا عِيدًا لِّأَوَّلِنَا وَآخِرِنَا
«وَآيَةً مِّنكَ ۖ وَارْزُقْنَا وَأَنتَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ

واتا: «خودایە، پەروەردگارمان! خوانێکمان لە ئاسمانەوە بۆ بنێرە کە ببێتە
مایەی جەژن و خۆشی بۆ یەکەم و کۆتا کەسمان و نیشانەیەک بێت لە
«.لایەن تۆوە؛ ڕۆزیمان بدە، چونکە تۆ باشترین ڕۆزیدەریت

(٣. پاڕانەوە بە سۆز بۆ بەزەیی خودا (ئایەتی ١١٨

:

«دەق: «إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ ۖ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ

واتا: «خودایە! ئەگەر سزایان بدەیت، ئەوان هەر بەندەی خۆتن، و ئەگەر
«.لێیان خۆش بیت، ئەوا بێگومان تۆ باڵادەست و دانایت

«نزا و پاڕانەوەکانی «پەناگەی دڵ

لەم بەشەدا، چەند نزا و داواکارییەکمان کۆکردۆتەوە کە ئارامی دەبەخشنە ڕۆح:

بۆ ئاسانکاری: «خودایە! لە کارەکانماندا ئاسانکاری و ڕێگەیەکمان بۆ ڕێکبخە کە سوودی لێ ببینین.»

بۆ ڕێنمایی: «خودایە! ڕێنماییمان بکە و ببە بە سەرپەرشتیار و ڕێپیشاندەری ژیانمان.»

بۆ ڕاستی: «خودایە! لە هەموو کارێکدا دەستمان بگرە بۆ ئەو بڕیارەی کە لە ڕاستی و چاکەوە نزیکترە.»

بۆ هاوڕێیەتی چاک: «خودایە! بمانکە لەو کەسانەی کە ئارام دەگرن لەگەڵ ئەو بڕوادارانەی شەو و ڕۆژ لە پەروەردگاریان دەپاڕێنەوە و تەنها ڕەزامەندی تۆیان دەوێت.»

اللهم لا تجعلنا ممن يطيع من أغفلت قلبه عن ذكرك وكان أمره فرطا
(خوایە! بمانپارێزە لەوەی شوێنی کەسێک بکەوین کە دڵیمان بێئاگا کردووە لە یادی تۆ و کارەکانی لەدەست چووە.)

اللهم ارزقنا جنات عدن التي هي نعم الثواب وحسنت مرتفقا (خوايه! بەهەشتی عەدنمان پێ ببەخشە کە باشترین پاداشت و جوانترین شوێنی حەوانەوەیە.)

اللهم لا تجعلنا ممن ذُكر بآيات ربه فأعرض عنها (خوايه! بمانپارێزە لەوەی ببینە ئەو کەسانەی ئایەتەکانی پەروەردگاریان بەبیر دەهێنرێتەوە و پشتی تێ دەکەن.)

اللهم لا تجعل على قلوبنا أكنة تمنعنا من فهم القرآن (خوايه! هیچ پەردەیەک مەخەرە سەر دڵمان کە ڕێگریمان لێ بکات لە تێگەیشتنی قورئان.)

اللهم اجعلنا ممن إذا دُعي إلى الهدى استجاب (خوايه! بمانکەیت بەو کەسانەی کاتێک بانگ دەکرێن بۆ هیدایەت، یەکسەر وەڵام دەدەنەوە.)

اللهم نسألك بأنك الغفور ذو الرحمة ألا تؤاخذنا بما كسبنا (خوايه! داوات لێ دەکەین بەوەی کە تۆ لێخۆشبوو و خاوەن ڕەحمەتیت، سزامان نەدەیت بەهۆی ئەو گوناهانەی ئەنجاممان داون.)

اللهم آتنا رحمة من عندك وعلمنا من لَّدُنك علما (خوايه! ڕەحمەتێکمان لەلایەن خۆتەوە پێ ببەخشە و زانستێکی تایبەتمان لەلایەن خۆتەوە فێر بکە.)

اللهم ارزقنا معلماً يعلمنا مما علمته رشدا (خوايه! مامۆستایەکمان بۆ بنێرە کە لەو زانست و ڕێنماییەی پێت بەخشیوە، فێرمان بکات.)

اللهم ارزقنا الصبر على طلب العلم (خوايه! ئارامگريمان پێ ببەخشە لەسەر فێربوونی زانست.)

اللهم اجعل ذريتنا خيراً زكاة وأقرب رحماً (خوايه! نەوەكانمان بە چاكتر و پاكتر و بەسۆزتر بگێڕە.)

اللهم لا تجعلنا من الأخسرين أعمالا (خوايه! بمانپارێزە لەوەی ببينە زيانمەندترينی خەڵكی لە كار و كردەوەدا.)

اللهم لا تجعلنا ممن ضَل سعيهم وهم يحسبون أنهم يحسنون صنعا (خوايه! بمانپارێزە لەوەی ببينە ئەو كەسانەی هەوڵەكانيان لە دنيادا بەفيڕۆ چووە و وا دەزانن كارێكی باش دەكەن.)

اللهم اجعل لنا جنات الفردوس نزلا (خوايه! بەهەشتی فيردەوس بكەيت بە شوێنی مانەوەمان.)

اللهم اجعلنا ممن يرجو لقاءك ويعمل صالحاً ولا يشرك بك أحداً (خوايه! بمانكەيت لەو كەسانەی ئومێدی ديداری تۆيان هەيە و كردەوەی چاك دەكەن و هيچ كەسێک ناكەن بە شەريک بۆت.)

(دوعاكانی سوورەتی (مريم

ئەم سوورەتە بە دوعايەكی زۆر كڕنووشبەرانەی پێغەمبەرزەكەريا (س.خ) دەست پێ دەكات كاتێک بە تەمەنێكی گەورەوە داوای نەوە دەكات:

:(١. دوعا بۆ داوای نەوەیەکی چاک و پەسەند (ئایەتی ٥-٦

«رَبِّ هَبْ لِي مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا * يَرِثُنِي وَيَرِثُ مِنْ آلِ يَعْقُوبَ ۖ وَاجْعَلْهُ رَبِّ رَضِيًّا»

(پەروەردگارا، لە لایەن خۆتەوە پشتیوان و جێنشینێکم پێ ببەخشە، کە میراتگری من و ئالی یەعقووب بێت، و پەروەردگارا بیکە بە کەسێکی پەسەند و جێی ڕەزامەندی).

:(٢. زیکر و نزا بۆ پاکژکردنەوەی نەوەکان (ئایەتی ١٣

ئەمە وەک وەسفی پێغەمبەریەحیا هاتووە، بەڵام دەتوانرێت وەک نزا بۆ منداڵ بکرێت:

«وَحَنَانًا مِّن لَّدُنَّا وَزَكَاةً ۖ وَكَانَ تَقِيًّا»

(خوایە بەزەیی و سۆزی خۆتمان بەسەردا ببارێنە و نەوەکانمان پاک و خاوێن و پارێزکار بکە).

(دوعاکانی سوورەتی (طه

ئەم سوورەتە کۆمەڵە دوعایەکی تێدایە کە بۆ هەر کەسێک بیەوێت کارێکی گرنگ بکات یان قسە بۆ خەڵک بکات، وەک کلیل وایە:

:(١. دوعا بۆ کرانەوەی دڵ و ئاسانبوونی کارەکان (ئایەتی ٢٥-٢٨

«رَبِّ اشْرَحْ لِي صَدْرِي * وَيَسِّرْ لِي أَمْرِي * وَاحْلُلْ عُقْدَةً مِّن لِّسَانِي * يَفْقَهُوا قَوْلِي»

(پەروەردگارا، سنگم بۆ فراوان بکە [دڵم ئارام بکە]، و کارەکانم بۆ ئاسان بکە، و گرێی زمانم بکەرەوە تا لە قسەکانم تێبگەن).

٢. دوعا بۆ داوای هاوکار و پشتیوان (ئایەتی ٢٩-٣٢):

«وَاجْعَل لِّي وَزِيرًا مِّنْ أَهْلِي * هَارُونَ أَخِي * اشْدُدْ بِهِ أَزْرِي * وَأَشْرِكْهُ فِي أَمْرِي»

(و یاریدەدەرێکم لە کەسوکارم بۆ بڕیار بدە، کە هارونی برام بێت، پشت و پەنامی پێ قایم بکە و بیبە بە هاوبەشم لە کارەکەمدا).

٣. دوعا بۆ زیادبوونی زانست (ئایەتی ١١٤):

«رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا»

(پەروەردگارا، زانست و زانیاریم زیاد بکە).

٤. دوعا بۆ داوای لێخۆشبوون لە کاتی فەرامۆشکردندا (ئایەتی ١١٥):

«وَلَقَدْ عَهِدْنَا إِلَىٰ آدَمَ مِن قَبْلُ فَنَسِيَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُ عَزْمًا»

(پەروەردگارا، بمانپارێزە لە بیرچوونەوە و بێ ئیرادەیی، و بمانکە بە خاوەن ئیرادەیەکی بەهێز لەسەر ڕێگای تۆ).

(دوعاکانی سوورەتی (الأنبیاء

:(١. دوعای پێغەمبەر لووت (س.خ) بەرامبەر خراپەکاران (ئایەتی ٧٤

«اللَّهُمَّ نَجِّنِي مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ»

(.خوایە! ڕزگارمان بکە لە دەست گەلی ستەمکار و خراپەکار)

٢. دوعای پێغەمبەر ئەیوب (س.خ) بۆ شیفا و لادانی ناخۆشی (ئایەتی ٨٣):

«رَبِّ أَنِّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ»

پەروەردگارا! بەڕاستی تووشی ئازار و نەخۆشی بووم، و تۆ)
(.بەبەزەییترین کەسیت لە هەموو بەبەزەییەکان

٣. دوعای پێغەمبەر یوونس (س.خ) لە ناو تاریکی و تەنگانەدا (ئایەتی ٨٧):

«لَّا إِلَٰهَ إِلَّا أَنتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِينَ»

خوایە! هیچ خوایەک نییە جگە لە تۆ، پاکی و بێگەردی بۆ تۆیە، بەڕاستی)
(.[من لە ستەمکاران بووم [کەمتەرخەمیم کردووە

:(٤. دوعای پێغەمبەر زەکەریا (س.خ) بۆ داوای منداڵ و نەوە (ئایەتی ٨٩

«رَبِّ لَا تَذَرْنِي فَرْدًا وَأَنتَ خَيْرُ الْوَارِثِينَ»

پەروەردگارا! بە تەنیا جێم مەهێڵە [نەوەیەکم پێ ببەخشە]، هەرچەندە تۆ باشترین میراتگریت.)

٥. دوعای کۆتایی سوورەتەکە بۆ داوەریکردن و پشتبەستن (ئایەتی ١١٢):

«رَبِّ احْكُم بِالْحَقِّ ۗ وَرَبُّنَا الرَّحْمَٰنُ الْمُسْتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ»

پەروەردگارا! بە حەق و ڕاستی بڕیار بدە، و پەروەردگاری ئێمە) خوایەکی میهرەبانە و تەنها لەو داوای یارمەتی دەکرێت بەرامبەر ئەو شتانەی کە (ناحەزان) دەیڵێن.)

:کۆمەڵە دوعایەکی وەرگیراو لە مانا قووڵەکانی ئەم سوورەتە

اللهم اجعلنا ممن يستجيبون لك في الخيرات (خوايە! بمانکەیت لەو کەسانەی کە پەلە دەکەن لە ئەنجامدانی کارە چاکەکاندا.)

اللهم اجعلنا ممن يدعونك رغباً ورهباً (خوايە! بمانکەیت لەو کەسانەی کە بە ئومێد و بە ترسەوە لە تۆ دەپاڕێنەوە.)

اللهم اجعلنا لك خاشعين (خوايە! بمانکەیت بە بەندەی ملکەچ و دڵسۆز بۆ خۆت.)

اللهم نَفِّس كربنا كما نفست كرب ذي النون (خوايە! خەمەكانمان بڕەوێنەوە
هەر وەک چۆن خەمی حەزرەتی یوونست ڕەواندەوە.)

اللهم استجب لنا ووهب لنا من لدنك ما تقر به أعيننا (خوايە! وەڵامی
نزاكانمان بدەرەوە و شتێكمان پێ ببەخشە كە چاومان پێی گەش بێتەوە.)

(لە سووڕەتی (المؤمنون

«رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنْ هَمَزَاتِ الشَّيَاطِينِ * وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَن يَحْضُرُونِ»

(پەروەردگارم! پەنات پێ دەگرم لە وسوەسە و هاندانی شەیتانەكان، وە
پەنات پێ دەگرم پەروەردگارم لەوەی كە (شەیتانەكان) لە لام ئامادە ببن و
لێم نزیک ببنەوە.)

(٢. هەر لە سووڕەتی (المؤمنون

:بۆ داوای لێخۆشبوون و بەدەستهێنانی ڕەحمەتی خودا

«دەق: «رَّبَّنَا آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا وَأَنتَ خَيْرُ الرَّاحِمِينَ

واتا: "پەروەردگارمان! ئێمە ئیمانمان هێناوە، كەواتە لێمان خۆشبە و
ڕەحممان پێ بكە، چونكە بێگومان تۆ باشترینی ڕەحمكارانیت."

(٣. لە سووڕەتی (الفرقان

ئەم دوعایە یەکێکە لە جوانترین دوعاکان بۆ ئارامی دڵ لەناو خێزان و منداڵدا:

دەق: «رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا»

واتا: "پەروەردگارمان! لە هاوسەرەکانمان و وەچەکانمان (منداڵەکانمان) کەسانێکمان پێ ببەخشە کە ببنە مایەی ڕووناکی و خۆشی چاومان، و بمانکە بە پێشەوا بۆ پارێزکاران و چاکەکاران".

٤. لە سوورەتی (الشعراء)

دوعایەکی مانا قووڵە بۆ حیکمەت و ناوبانگی چاک لە دوای مردن:

دەق: «رَبِّ هَبْ لِي حُكْمًا وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ * وَاجْعَل لِّي لِسَانَ صِدْقٍ فِي الْآخِرِينَ»

واتا: "پەروەردگارم! دانایی و حیکمەتم پێ ببەخشە و بمگەیەنە بە ڕیزی چاکەکاران، وە ناوێکی چاک و زمانی ڕاستگۆیم بۆ بڕیار بدە لە ناو نەوەکانی دوای خۆمدا (تا بە چاکە باسم بکەن)".

پەناگەی دڵ (الفرقان و الشعراء)

١. لە سوورەتی (الفرقان) - ئایەتی ٧٤:

«رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا»

واتا: "پەروەردگارمان! لە هاوسەرەکانمان و وەچەکانمان کەسانێکمان پێ ببەخشە کە ببنە مایەی ڕووناکی و خۆشی چاومان، و بمانکە بە پێشەوا و ".نموونە بۆ پارێزکاران

٢. لە سوورەتی (الشعراء) - ئایەتی ٨٣ بۆ ٨٥ (دوعای پێغەمبەر ئیبراهیم

رَبِّ هَبْ لِي حُكْمًا وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ * وَاجْعَل لِّي لِسَانَ صِدْقٍ فِي» «الْآخِرِينَ * وَاجْعَلْنِي مِن وَرَثَةِ جَنَّةِ النَّعِيمِ

واتا: "پەروەردگارم! دانایی و حیکمەتم پێ ببەخشە و بمگەیەنە بە ڕیزی چاکەکاران، و ناوبانگێکی چاکم پێ ببەخشە لە ناو نەوەکانی داهاتوودا، و ".بمکە بە یەکێک لە میراتگرانی بەهەشتی پڕ لە نیعمەت

لە سوورەتی (النمل) - ئایەتی ١٩

:دوعای پێغەمبەرسولەیمانە بۆ سوپاسگوزاری و کاری باش

دەق: «رَبِّ أَوْزِعْنِي أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ الَّتِي أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَى وَالِدَيَّ وَأَنْ «أَعْمَلَ صَالِحًا تَرْضَاهُ وَأَدْخِلْنِي بِرَحْمَتِكَ فِي عِبَادِكَ الصَّالِحِينَ

واتا: "پەروەردگارم! یارمەتیم بدە و هانم بدە تا سوپاسگوزاری ئەو نیعمەتانەت بکەم کە ڕێزت پێ ناوم خۆم و دایک و باوکم، و یارمەتیم بدە کارێکی چاک بکەم کە تۆ لێی ڕازی بیت، و بە ڕەحمەتی خۆت بمانخەیتە ".ڕیزی بەندە چاکەکارەکانت

(لە سوورەتی (القصص

:(١. بۆ پێویستی و داوای یارمەتی (ئایەتی ٢٤

«رَبِّ إِنِّي لِمَا أَنزَلْتَ إِلَيَّ مِنْ خَيْرٍ فَقِيرٌ»

واتا: "پەروەردگارم! من بەڕاستی پێویستم بە هەر خێر و چاکەیەکە کە تۆ بۆمی بنێریت."

:(٢. بۆ داوای لێخۆشبوون (ئایەتی ١٦

«رَبِّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي فَاغْفِرْ لِي»

واتا: "پەروەردگارم! بێگومان من ستەمم لە نەفسی خۆم کردووە، لێم خۆشبە."

:(٣. بۆ کاتی ترس و دڵەڕاوکێ (ئایەتی ٢١

«رَبِّ نَجِّنِي مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ»

واتا: "پەروەردگارم! ڕزگارم بکە لە دەست گەلی ستەمکاران."

لە سوورەتی (النمل) - ئایەتی ٥٩

:ئەمە زیاتر وەک ستایش و سپاردنی کارەکانە بە خودا

«دەق: «الْحَمْدُ لِلَّهِ وَسَلَامٌ عَلَىٰ عِبَادِهِ الَّذِينَ اصْطَفَىٰ

واتا: "سوپاس و ستایش بۆ خودا، و سڵاو و دروود بۆ سەر ئەو بەندانەی "کە ئەو هەڵیبژاردوون.

له سووڕەتی (العنکبوت) - ئایەتی ٣٠

بۆ داوای سەرکەوتن بەسەر خراپەکاران:

دەق: «رَبِّ انصُرْنِي عَلَى الْقَوْمِ الْمُفْسِدِينَ»

واتا: "پەروەردگارم! سەرکەوتووم بکە و سەرم بخە بەسەر گەلی تێکدەر "و خراپەکاراندا.

له سووڕەتی (لقمان) - ئایەتی ١٧

وەک بنەمایەک بۆ دوعا و ژیان:

دەق: «يَا بُنَيَّ أَقِمِ الصَّلَاةَ وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَانْهَ عَنِ الْمُنكَرِ وَاصْبِرْ عَلَىٰ مَا أَصَابَكَ»

واتا: "ڕۆڵەی شیرینم! نوێژ بە جوانی ئەنجام بدە، و فەرمان بە چاکە بکە و ڕێگری لە خراپە بکە، و ئارام بگرە لەسەر هەر ناخۆشییەک کە "تووشت دەبێت.

له سووڕەتی (الروم) - ئایەتی ١٧-١٨

تەسبیحات و ستایشکردن:

دەق: «فَسُبْحَانَ اللَّهِ حِينَ تُمْسُونَ وَحِينَ تُصْبِحُونَ * وَلَهُ الْحَمْدُ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَعَشِيًّا وَحِينَ تُظْهِرُونَ»

واتا: "پاک و بێگەردی و ستایش بۆ خودایە کاتێک دەچنە کاتی ئێوارە و کاتێکیش بەیانی دەکەنەوە، و هەر بۆ ئەویشە هەموو سوپاس و ستایشێک لە ئاسمانەکان و زەویدا، و لە کاتی عەسر و کاتێکیش نیوەڕۆ دەکەنەوە."

لە سوورەتی (لقمان) - ئایەتی ٢٢

ئەمە دوعا نییە بەو مانایەی "ڕەببەنە"، بەڵام وەک بنەمایەکی دڵنیایی و سپاردنی کار بە خودا زۆر گرنگە:

دەق: «وَمَن يُسْلِمْ وَجْهَهُ إِلَى اللَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ»

واتا: "هەر کەسێک خۆی و ڕووی خۆی بسپێرێت بە خودا و کاروکردەوەی چاک بێت، ئەوا بێگومان دەستی گرتووە بە پتەوترین پەت و ڕێگەوە (کە هەرگیز ناپچڕێت)."

٤. لە سوورەتی (السجدة) - ئایەتی ١٢

ئەمە دوعایەکە کە ئاماژە بە پەشیمانی دەکات، مرۆڤ دەتوانێت بۆ گەڕانەوە و تەوبە بەکاری بهێنێت:

دەق: «رَبَّنَا أَبْصَرْنَا وَسَمِعْنَا فَارْجِعْنَا نَعْمَلْ صَالِحًا إِنَّا مُوقِنُونَ»

واتا: "پەروەردگارمان! (ئێستا حەقیقەتمان) بینی و بیستمان، کەواتە بمانگێڕەوە (بۆ دونیا) تا کار و کردەوەی چاک بکەین، بێگومان ئێمە ئێستا یەقینمان هەیە و بڕوامان پێ هێناویت."

١. لە سوورەتی (الأحزاب) - ئایەتی ٦٦

بۆ پەناگرتن لە سزای دۆزەخ، ئەم دوعایە وەک دانپێدانان و پاڕانەوەیە:

دەق: «رَبَّنَا آتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ الْعَذَابِ وَالْعَنْهُمْ لَعْنًا كَبِيرًا»

واتا: (ئەمە دوعای ئیماندارانە لەسەر ئەو کەسانەی کە ڕێگەی ڕاستیان لێ تێکداون) "پەروەردگارمان! سزایەکی دوو ئەوەندەیان بدە و نەفرەتێکی گەورەیان لێ بکە."

٢. لە سوورەتی (فاطر) - ئایەتی ٣٤

بۆ سوپاسگوزاری و نەمانی خەم؛ ئەم دوعایە ئیمانداران لە بەهەشتدا دەیکەن، بەڵام لە دونیایشدا بۆ لادانی خەم و پەژارە زۆر جوانە:

دەق: «الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَذْهَبَ عَنَّا الْحَزَنَ ۖ إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُورٌ شَكُورٌ»

واتا: "سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی کە هەموو جۆرە خەم و پەژارەیەکی لێ دوور خستینەوە، بێگومان پەروەردگارمان زۆر لێخۆشبوو و سوپاسگوزارە (پاداشتی چاکەکاران دەداتەوە)."

٣. لە سوورەتی (یس) - ئایەتی ٢٧

دوعای ئیمانداری سوورەتی یاسین؛ ئەمە زیاتر وەک ئاوات و دڵخۆشییە
:بە نیعمەتی خودا

«دەق: «يَا لَيْتَ قَوْمِي يَعْلَمُونَ * بِمَا غَفَرَ لِي رَبِّي وَجَعَلَنِي مِنَ الْمُكْرَمِينَ

واتا: "ئەی خۆزگە گەلەکەم بیانزانیبایە، کە چۆن پەروەردگارم لێم خۆش
".بوو و منی خستە ڕیزی ڕێزلێگیراوانەوە

٤. لە سوورەتی (الصّافات) - ئایەتی ١٠٠

دوعای پێغەمبەرئیبراهیم بۆ منداڵی چاک؛ ئەمە یەکێکە لە کورتترین و
:بەهێزترین دوعاکان بۆ داوای منداڵ

«دەق: «رَبِّ هَبْ لِي مِنَ الصَّالِحِينَ

".واتا: "پەروەردگارم! منداڵێکی چاک و ساڵحم پێ ببەخشە

٥. لە سوورەتی (ص) - ئایەتی ٣٥

:دوعای پێغەمبەر سولەیمان بۆ ڕزق و لێخۆشبوون

دەق: «رَبِّ اغْفِرْ لِي وَهَبْ لِي مُلْكًا لَّا يَنبَغِي لِأَحَدٍ مِّن بَعْدِي ۖ إِنَّكَ أَنتَ
«الْوَهَّابُ

واتا: "پەروەردگارم! لێم خۆشبە و دەسەڵات و مڵکێکی ئاوام پێ ببەخشە کە بۆ هیچ کەسێکی تر لە دوای من نەبێت، بێگومان تۆ زۆر بەخشندەیت".

لە سوورەتی (ص) - ئایەتی ٤١ .

(دوعای پێغەمبەر ئەیوب کاتێک بێزار بوو لە شەیتان)

«دەق: «أَنِّي مَسَّنِيَ الشَّيْطَانُ بِنُصْبٍ وَعَذَابٍ

واتا: "پەروەردگارم! بێگومان شەیتان تووشی ماندوێتی و ئازاری زۆری کردووم (پەنات پێ دەگرم)".

(سوورەتی (غافر

یەکێکە لەو سوورەتانەی کە دڵخۆشکەرترین دوعاکانی تێدایە، چونکە خودا فێرمان دەکات کە چۆن فریشتەکان دوعا بۆ ئێمە دەکەن:

١. لە سوورەتی (غافر) - ئایەتی ٧ بۆ ٩:

ئەمە دوعای ئەو فریشتانەیە کە عەرشی خوایان هەڵگرتووە بۆ) ئیمانداران، زۆر مانا قووڵ و پڕ لە ڕەحمەتە):

دەق: «رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَيْءٍ رَّحْمَةً وَعِلْمًا فَاغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُوا وَاتَّبَعُوا سَبِيلَكَ وَقِهِمْ عَذَابَ الْجَحِيمِ * رَبَّنَا وَأَدْخِلْهُمْ جَنَّاتِ عَدْنٍ الَّتِي وَعَدتَّهُمْ وَمَن صَلَحَ مِنْ آبَائِهِمْ وَأَزْوَاجِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ ۚ إِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ * وَقِهِمُ السَّيِّئَاتِ ۚ وَمَن تَقِ السَّيِّئَاتِ يَوْمَئِذٍ فَقَدْ رَحِمْتَهُ»

واتا: "پەروەردگارمان! ڕەحمەت و زانیاریت هەموو شتێکی گرتووەتەوە، کەواتە لێخۆشبوون بدە بەوانەی کە تەوبەیان کردووە و شوێنی ڕێگەکەت کەوتوون، و لە سزای دۆزەخ بییانپارێزە. پەروەردگارمان! بیانخەرە ناو بەهەشتە نەبڕاوەیکە بەڵێنت پێ داون، خۆیان و هەر کەسێکیش کە چاک بووە لە دایک و باوکیان و هاوسەرەکانیان و وەچەکانیان، بێگومان تۆ باڵادەست و دانایت. و لە خراپەکان بییانپارێزە، چونکە هەر کەسێک لەو ڕۆژەدا لە خراپە بپارێزرێت، ئەوا بێگومان ڕەحمەتت پێ کردووە."

٢. هەر لە سوورەتی (غافر) - ئایەتی ٤٤:

بۆ سپاردنی هەموو کارەکان بە خودا کاتێک مرۆڤ هەست بە بێدەسەڵاتی دەکات):

دەق: «وَأُفَوِّضُ أَمْرِي إِلَى اللَّهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ»

واتا: "من هەموو کارەکانی خۆم دەسپێرم بە خودا، بێگومان خودا بینایە و دەبینێت بە هەموو بەندەکانی."

٣. لە سوورەتی (فصلت) - ئایەتی ٣٦

(بۆ پاراستن لە شەیتان و وسوەسە):

دەق: «وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ ۚ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ»

واتا: "ئەگەر هەر وسوەسە و هاندانی شەیتانت تووش بوو، ئەوا پەنا بگرە بە خودا، بێگومان ئەو بیسەر و زانایە."

٤. لە سوورەتی (الشورى) - ئایەتی ١٥

(دوعایەکی جوان بۆ داوای دادپەروەری و یەکڕیزی):

دەق: «اللَّهُ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ ۖ لَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ ۖ لَا حُجَّةَ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ ۖ اللَّهُ يَجْمَعُ بَيْنَنَا ۖ وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ»

واتا: "خودا پەروەردگاری ئێمە و پەروەردگاری ئێوەشە، کارەکانی خۆمان بۆ خۆمان و کارەکانی ئێوەش بۆ خۆتان، هیچ کێشە و دەمەقاڵێیەک لە نێوانماندا نەبێت، خودا هەموومان کۆدەکاتەوە و هەر بۆ لای ئەویشە گەڕانەوە."

(پاکی ٢٥ و ٢٦ (سەفەر و سوپاسگوزاری

١. لە سوورەتی (الزخرف) - ئایەتی ١٣-١٤:

پێش دەستپێکردنی سەفەر یان سەرکەوتن بەسەر ئۆتۆمبێل و هەموو جۆرە هۆکارێکی گواستنەوەدا دەخوێنرێت):

دەق: «سُبْحَانَ الَّذِي سَخَّرَ لَنَا هَٰذَا وَمَا كُنَّا لَهُ مُقْرِنِينَ * وَإِنَّا إِلَىٰ رَبِّنَا لَمُنقَلِبُونَ»

واتا: "پاک و بێگەردی بۆ ئەو خودایەی کە ئەمەی بۆ ڕام کردین (بۆی ئاسان کردین)، ئەگەرنا ئێمە توانای ئەوەمان نەبوو، و بێگومان ئێمە هەمووومان بۆ لای پەروەردگارمان دەگەڕێینەوە."

٢. لە سوورەتی (الأحقاف) - ئایەتی ١٥:

بۆ کاتی گەیشتنە تەمەنی چل ساڵی و داوای سوپاسگوزاری و نەوەی (چاک):

دەق: «رَبِّ أَوْزِعْنِي أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ الَّتِي أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَىٰ وَالِدَيَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَالِحًا تَرْضَاهُ وَأَصْلِحْ لِي فِي ذُرِّيَّتِي ۖ إِنِّي تُبْتُ إِلَيْكَ وَإِنِّي مِنَ الْمُسْلِمِينَ»

واتا: "پەروەردگارم! یاریم بدە و هانم بدە تا سوپاسگوزاری ئەو نیعمەتانەت بکەم کە ڕێزت پێ ناوم خۆم و دایک و باوکم، و یارمەتیم بدە کارێکی چاک بکەم کە تۆ لێی ڕازی بیت، و وەچە و منداڵەکانم بۆ چاک و ساڵح بکە، بێگومان من گەڕاومەتەوە بۆ لای تۆ و من لە موسڵمانانم."

٣. لە سوورەتی (محمد) - ئایەتی ١٩

ئەمە فەرمانی خودایە بۆ داوای لێخۆشبوون بۆ خۆت و ئیمانداران:

دەق: «فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّهُ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ»

واتا: "بزانە و دڵنیابە کە هیچ خوایەک نییە جگە لە (الله)، و داوای لێخۆشبوون بکە بۆ گوناهەکانی خۆت و بۆ پیاوان و ژنانی بڕوادار."

٤. لە سوورەتی (الفتح) - ئایەتی ٤

ئەمە زیاتر ئایەتێکی ئارامبەخشە بۆ دڵ:

دەق: «هُوَ الَّذِي أَنزَلَ السَّكِينَةَ فِي قُلُوبِ الْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوا إِيمَانًا مَّعَ إِيمَانِهِمْ»

واتا: "ئەو خودایە کە ئارامی و دڵنیایی دابەزاندە ناو دڵی ئیمانداران، تا ئیمانەکەیان زیاتر بێت لەگەڵ ئیمانی پێشوویان."

٥. لە سوورەتی (ق) - ئایەتی ٣٣

وەسفێکی جوانە بۆ ئەوانەی دڵیان لای خودایە:

دەق: «مَّنْ خَشِيَ الرَّحْمَٰنَ بِالْغَيْبِ وَجَاءَ بِقَلْبٍ مُّنِيبٍ»

واتا: "ئەو کەسەی کە لە (خوای) میهرەبان دەترسێت لە پەنهانیدا، و بە دڵێکی پڕ لە تەوبە و گەڕانەوە هاتووەتەوە لای خودا."

پاڕانەوەکانی پارەی ٢٨ و ٢٩

١. لە سوورەتی (الحشر) - ئایەتی ١٠ (بۆ پاککردنەوەی دڵ لە ڕق):

دەق: «رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ»

واتا: "پەروەردگارمان! لێمان خۆشبە و بۆ ئەو برایانەمان کە پێش ئێمە ئیمانیان هێناوە، و لە ناو دڵماندا هیچ جۆرە کینە و ڕقێک دامەنێ بەرامبەر ئەوانەی بڕوایان هێناوە، پەروەردگارمان! بێگومان تۆ زۆر میهرەبان و بەبەزەییت."

٢. لە سوورەتی (الممتحنة) - ئایەتی ٤ بۆ ٥ (دوعای پێغەمبەر ئیبراهیم):

دەق: «رَبَّنَا عَلَيْكَ تَوَكَّلْنَا وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ * رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا وَاغْفِرْ لَنَا رَبَّنَا ۖ إِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ»

واتا: "پەروەردگارمان! هەر پشت بە تۆ دەبەستین و هەر بۆ لای تۆش گەڕاوینەتەوە، و هەر بۆ لای تۆشە گەڕانەوەی کۆتایی. پەروەردگارمان! مەیانکە بەوەی ببینە هۆی تاقیکردنەوە بۆ بێباوەڕان، و لێمان خۆشبە پەروەردگارمان، بێگومان تۆ باڵادەست و دانایت."

٣. لە سوورەتی (التحريم) - ئایەتی ٨ (بۆ کاتی تەوبە و داوای ڕووناکی):

دەق: «رَبَّنَا أَتْمِمْ لَنَا نُورَنَا وَاغْفِرْ لَنَا ۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ»

واتا: "پەروەردگارمان! ڕووناکییەکەمان بۆ تەواو بکە و لێمان خۆشبە، بێگومان تۆ بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایت."

٤. لە سوورەتی (نوح) - ئایەتی ٢٨ (دوعایەکی گشتگیر بۆ دایک و باوک و ئیمانداران):

دەق: «رَبِّ اغْفِرْ لِي وَلِوَالِدَيَّ وَلِمَن دَخَلَ بَيْتِيَ مُؤْمِنًا وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ»

واتا: "پەروەردگارم! لێم خۆشبە و بۆ دایک و باوکم و بۆ هەر کەسێک کە بە ئیمانەوە دێتە ناو ماڵم، و بۆ هەموو پیاوان و ژنانی بڕوادار".

٥. لە سوورەتی (الجن) - ئایەتی ١٠:

دەق: «وَأَنَّا لَا نَدْرِي أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَن فِي الْأَرْضِ أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا»

واتا: "و ئێمە نایزانین کە ئایا خراپەیەک ویستراوە بۆ ئەوانەی لە سەر زەوین، یان پەروەردگاریان ویستوویەتی ڕێگەی ڕاستیان نیشان بدات".

١. لە سوورەتی (النبأ) - ئایەتی ٣٦

ئەم ئایەتە وەبیرهێنانەوەی بەخشندەیی بێ سنووری خودایە:

دەق: «جَزَاءً مِّن رَّبِّكَ عَطَاءً حِسَابًا»

واتا: "(ئەم بەهەشت و نیعمەتانە) پاداشتێکە لەلایەن پەروەردگارتەوە، بەخشینێکی زۆر و بێ ئەندازەیە".

٢. لە سوورەتی (الإنشراح) - ئایەتی ١ و ٥-٦

:ئەم سوورەتە خۆی وەک دوعایەک وایە بۆ کاتی دڵتەنگی و ناخۆشی

«دەق: «أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ * فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا * إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا

واتا: "ئایا سنگمان بۆ فراوان و ئارام نەکردیت؟ بێگومان لەگەڵ هەموو ناخۆشییەکدا، ئاسانییەک هەیە. بێگومان لەگەڵ هەموو تەنگانەیەکدا، ".فراوانییەک هەیە

٣. لە سوورەتی (الفجر) - ئایەتی ٢٧ بۆ ٣٠

:ئەمە دوعایەکی زۆر ئارامبەخشە بۆ کۆتایی ژیان و دڵنیایی دڵ

دەق: «يَا أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ * ارْجِعِي إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً * «فَادْخُلِي فِي عِبَادِي * وَادْخُلِي جَنَّتِي

واتا: "ئەی ئەو نەفسەی کە ئارام و دڵنیایت! بگەڕێوە بۆ لای پەروەردگارت لە کاتێکدا تۆ لێی ڕازیت و ئەویش لە تۆ ڕازییە. (بچۆ ناو ".(ڕیزی بەندەکانم و بەهەشتەکەمەوە

٤. سوورەتی (الإخلاص) - بۆ ناسینی گەورەیی خودا

:ئەم سوورەتە وەک بناغەی هەموو دوعاکان وایە

«دەق: «قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ * اللَّهُ الصَّمَدُ

واتا: "بڵێ ئەو خوایە تاقانەیە. خودا ئەو زاتەیە کە هەمووان پێویستیان پێیەتی و ئەو پێویستی بە کەس نییە."

٥. سوورەتی (الفلق) و (الناس) - "المعوذتين"

ئەم دوو سوورەتە بەهێزترین دوعان بۆ پاراستن لە هەموو خراپەیەک (چاوەزار، حەسوودی، و وسوەسە):

«قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ...»: "پەنا دەگرم بە پەروەردگاری بەرەبەیان لە خراپەی دروستکراوەکان و حەسوودان."

«قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ...»: "پەنا دەگرم بە پەروەردگاری خەڵکی لە وسوەسەی شەیتان کە لە ناو دڵەکاندایە."

۞ (دوعاکانی قورئانی پیرۆز و نهێنییەکانیان) ۞

دوعای پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) تەنها داواکاری نین، بەڵکو قوتابخانەیەکن بۆ فێربوونی ئەوەی چۆن بەوپەڕی شەرمنوێزی و یەقینەوە لەگەڵ خودا بدوێیت:

١. دوعای پێغەمبەر یونس (سڵاوی خوای لێ بێت):

دەق: «لَّا إِلَٰهَ إِلَّا أَنتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِينَ»

نهێنییەکەی: لێرەدا پێغەمبەر یونس یەکسەر داوای ڕزگاربوونی نەکرد، بەڵکو سەرەتا بە تەوحید و پاکی بۆ خودا و دانانان بە هەڵەی خۆی دەستی پێکرد. ئەمە نیشانەی ئەوپەڕی بێدەسەڵاتی مرۆڤە لە بەردەم گەورەیی خودا.

:(٢. دوعای پێغەمبەر ئەیوب (سڵاوی خوای لێ بێت

«دەق: «أَنِّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ

نهێنییەکەی: پێغەمبەر ئەیوب (سڵاوی خوای لێ بێت) نەیوت "خوایە شیفام بدە"، بەڵکو تەنها باسی حاڵی خۆی کرد و وەسفی میهرەبانی خودای کرد. ئەمە فێرمان دەکات کە هەندێک جار "باسکردنی حاڵ" لە "داواکردن" کاریگەرترە، چونکە خودا خۆی دەزانێت چی لە دڵتە.

:(٣. دوعای پێغەمبەر زەکەریا (سڵاوی خوای لێ بێت

«دەق: «وَلَمْ أَكُن بِدُعَائِكَ رَبِّ شَقِيًّا

نهێنییەکەی: لێرەداپێغەمبەر زەکەریا (سڵاوی خوای لێ بێت) دەڵێت: "خوایە من هەرگیز بە دوعاکردن لە تۆ بێ هیوا نەبووم". ئەمە فێری گەشبینیمان دەکات؛ کە مرۆڤ دەبێت مێژووی چاکەکانی خودای لەبەر چاو بێت و دڵنیا بێت کە خودا نائومێدی ناکات.

:(٤. دوعای پێغەمبەر موسا (سڵاوی خوای لێ بێت

«دەق: «رَبِّ إِنِّي لِمَا أَنزَلْتَ إِلَيَّ مِنْ خَيْرٍ فَقِيرٌ

نهێنییەکەی: ئەمە دوعای "هەژاریی مەعنەوی"یە. پێغەمبەرموسا (سڵاوی خوای لێ بێت) وتی خوایە من پێویستم بەو خێرەیە کە تۆ دای دەبەزێنیت. دوای ئەم دوعایە، خودا هەم ماڵ، هەم کار و هەم خێزانیشی پێ بەخشی.

پێغەمبەران پێش ئەوەی داوای 'پێویستییەکانیان' بکەن، وەسفی 'پێویستیی" خۆیان' و 'گەورەیی خودا'یان دەکرد. نهێنی قبوڵبوون لەوەدایە کە نیشانی "بدەیت تۆ چەندە فەقیری و ئەو چەندە دەوڵەمەند و بەخشندەیە.

(١. دوعای لێخۆشبوون و گەڕانەوە (تەوبە

اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، خَلَقْتَنِي وَأَنَا عَبْدُكَ، وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ» وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ، أَبُوءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ، «وَأَبُوءُ لَكَ بِذَنْبِي فَاغْفِرْ لِي، فَإِنَّهُ لَا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ

:واتای دوعاکە بە کوردی

خودایە تۆ پەروەردگاری منی، هیچ پەرستراوێک نییە جگە لە تۆ، تۆ» منت دروستکردووە و من بەندەی تۆم، من لەسەر پەیمان و بەڵێنی تۆم تا ئەو پەڕی توانام، پەنا دەگرم بە تۆ لە شەڕی ئەو کارانەی کە کردوومە، دان دەنێم بەو نیعمەتانەی کە پێت بەخشیوم، و دان دەنێم بە گوناهەکانمدا، دەی لێم خۆشبە، چونکە بێگومان کەس نییە لە گوناهەکان خۆشبێت جگە «.لە تۆ

:فەزڵ و گەورەیی ئەم دوعایە

پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموویت: هەر کەسێک لە بەیانیاندا بە یەقینەوە بیخوێنێت و پێش ئەوەی ئێوارە دابێت بمرێت، ئەوا لە ئەهلی بەهەشتە. هەروەها هەر کەسێک لە شەودا بە یەقینەوە بیخوێنێت و پێش ئەوەی بەیانی ببێتەوە بمرێت، ئەوا لە ئەهلی بەهەشتە

.("ئەمە گەورەترین دوعای لێخۆشبوونە "سید الاستغفار) ....

اللهمَّ إِنَّكَ عَفُوٌّ تُحِبُّ الْعَفْوَ فَاعْفُ عَنِّي: (دوعای شەوی قەدر - خوایە تۆ لێخۆشبەیت و حەزت لە لێخۆشبوونە، لێم خۆش ببە).

«اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذَنْبِي كُلَّهُ: دِقَّهُ وَجِلَّهُ، وَأَوَّلَهُ وَآخِرَهُ، وَعَلَانِيَتَهُ وَسِرَّهُ»

:واتای دوعاکە بە کوردی

«خودایە لە هەموو گوناهەکانم خۆشبە: ورد و درشتی، سەرەتا و کۆتایی، ئاشکرا و پەنهانی (نهێنی).»

:چەند خاڵێکی گرنگ دەربارەی ئەم دوعایە

شوێنی خوێندن: سوننەتە لە ناو سوجدەدا بخوێندرێت، چونکە مرۆڤ لە سوجدەدا لە هەموو کاتێک زیاتر لە پەروەردگاری نزیکە.

گشتگیری: ئەم دوعایە هیچ جۆرە گوناهێک ناهێڵێتەوە کە داوای لێخۆشبوونی بۆ نەکات، چ بچووک بێت یان گەورە، کۆن بێت یان نوێ.

دانپێدانان: نیشانەی کڕنۆشبردن و خۆبە کەم زانینە لە بەردەم گەورەیی خودا کە مرۆڤ داوای پاکبوونەوەی تەواو دەکات.)

٢. دوعای ئارامی دڵ و ڕزگاربوون لە خەم

«اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْهَمِّ وَالْحَزَنِ، وَالْعَجْزِ وَالْكَسَلِ، وَالْبُخْلِ وَالْجُبْنِ، وَضَلَعِ الدَّيْنِ وَغَلَبَةِ الرِّجَالِ»

واتای دوعاکە بە کوردی:

«خودایە! من پەنا دەگرم بە تۆ لە خەم و پەژارە (خەمی داهاتوو و خەفەتی ڕابردوو)، و لە بێدەسەڵاتی و تەمەڵی، و لە ڕەزیلی و ترسنۆکی، و لە قورسیی قەرز و ژێردەستەیی پیاوان (زۆرداریی خەڵک).»

کورتەیەک دەربارەی دوعاکە:

خەم و پەژارە: هێزی دەروونی مرۆڤ لاواز دەکەن.

بێدەسەڵاتی و تەمەڵی: ڕێگرن لە کارکردن و هەوڵدان.

ڕەزیلی و ترسنۆکی: ڕێگرن لە خەرجکردنی ماڵ و قوربانیدان لە پێناو حەقدا.

قەرز و ژێردەستەیی: مرۆڤ لەبەردەم خەڵکیدا شکاو و بێهێز دەکەن

.

بەردەوامی دوعاکانی ئارامی و ڕزق

:اللهمَّ رَحْمَتَكَ أَرْجُو فَلَا تَكِلْنِي إِلَى نَفْسِي طَرْفَةَ عَيْنٍ

خوایە ئومێدم بە ڕەحمەتی تۆیە، بۆ چاوتروکانێکیش نەمخەیتە ژێر) .(دەستی نەفسی خۆم

:٣. دوعای داواکردنی ڕزق و هیدایەت

:اللهمَّ إِنَّني أَسْأَلُكَ عِلْمًا نَافِعًا، وَرِزْقًا طَيِّبًا، وَعَمَلًا مُتَقَبَّلًا

خوایە داوای زانستی بەسوود، ڕزقی حەڵاڵ و پاک، و کردەوەی) .(وەرگیراوت لێ دەکەم

:اللهمَّ اهْدِنِي وَسَدِّدْنِي

.(خوایە ڕێنماییم بکە و لەسەر حەق جێگیرم بکە)

:اللهمَّ اكْفِنِي بِحَلَالِكَ عَنْ حَرَامِكَ، وَأَغْنِنِي بِفَضْلِكَ عَمَّنْ سِوَاكَ

خوایە بە حەڵاڵەکەت دوورم بخەوە لە حەرام، و بە فەزڵی خۆت) .(بێپێویستم بکە لە هەرکەسێکی تر

:٤. دوعای جێگیربوون لەسەر ئایین

:اللهمَّ يَا مُقَلِّبَ الْقُلُوبِ ثَبِّتْ قَلْبِي عَلَى دِينِكَ

.(ئەی وەگێڕەری دڵەکان، دڵم جێگیر بکە لەسەر ئایینەکەت)

:(٥. دوعای گشتگیر (بۆ دونیا و قیامەت

:اللهمَّ آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ

خوایە لە دونیا و قیامەتیشدا چاکەمان پێ ببەخشە و لە ئاگری دۆزەخ)
(بمانپارێزە

—— ★ · 🔑 · ★ —— کلیلەکان —— ★ · 🔑 · ★ ——

وشەی "اللهم" لە بنەڕەتدا وەک ئەوە وایە بڵێیت (یا الله)، بەڵام پیتێکی "میم"ی بۆ زیاد کراوە لە کۆتاییەکەیدا. زانایان دەڵێن ئەم "میم"ە وەک ئەوە وایە هەموو ناوە جوانەکانی خودا کۆ بکاتەوە؛ واتە کاتێک دەڵێیت "اللهم"، .بە هەموو ناوە جوانەکانی خودا لێی دەپاڕێیتەوە

پەناگەی دڵ: دوعا بۆ خێزان و دایک و باوک

:(١. دوعا بۆ دایک و باوک (بۆ لێخۆشبوون و ڕەحمەت

:اللهمَّ اغْفِرْ لِوَالِدَيَّ وَارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا

